# (سەفەر نامە)کەی هیوا قادرم
# بەم شێوەیە خوێندەوە..!*

**دڵزار حەسەن**

**هەولێر**

**پێشەکی**

**} شوێن، یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی بۆ پێناساندنی شوناسی کەسی تەراوگە کراو، بۆیە کەسی تەراوگە کراو هەمیشە شوێنی زێدی خۆی لەناو جانتاکانی سەفەرو گیرفانی جلەکان و لۆچەکانی هزردا هەڵدەگرێت و بێمنەت بۆ کوێی بڕوات لەگەڵ خۆی دەیانبات{** (ل108- سەفەرنامە).

**(سەفەرنامە)** دووبارە بەخۆدا هەڵچنینەوەی یادەوەری و روداوە واقیعی و خەیاڵە یۆتۆپیاکانی کەسی گەڕیدەیە، هەر لەشوێنکانی دابڕاویەوە تاخاڵ بەخاڵ و وێستگە بەوێستگەی سەفەرەکەی بۆی دەبێتە یادەوەریەکی درێژ خایەن و ئەزموونەکانیشی لەمانایەکی ساردو سڕی گێڕانەوەدا خەسڵەتە ئەپستراکتیەکەی لەدەست دەداو وەرزی بیرکردنەوەو ئەقلانیەت و لۆژیکیەتی بەوێنەی قوتابخانەیەك نمایشدەکات لەئەلفیەوە تایای زیاد لەمانایەك و زیاد لەتەئویلێکی ئیستاتیکی بەخۆیەوە هەڵدەگرێ.

سەفەریش پرسیارە نەگەیوەکان گەڵاڵە دەکاو لەگەڵ گەیشتنی بۆ هەر شوێنکاتێك کە جیاوازتر بێ لەشوێنکاتی ژیانی جێهێڵدراوی، ئینجا گومان و پرسیارەکان بەرامبەر بەبوون و گەردوون مرۆڤ و ژیان ئاڵۆزترو بارگاوی ترو خەماوی تر دەبن کەلەوەڵامدانەوەیاندا سەرسوڕمانیەك داتدەگرێ کەنەتوانی نەوەڵامیان بدەیتەوە نەدەشتوانی خۆت دوورە پەرێز بگری لەو شێوە پرسیارو گومانانەی کەلەگەڵ هەر چرکە ساتێکی سەفەرکردنەکەتدا زۆر تروو تەموو مژاوی تر دەبن، تائەو حاڵەتەی یۆتۆپیایانە وڕێنە بەپرسیارو گومانەکانیش بکەیت. کەسی (موسافیر) لە سەفەرکردندا دیار دەکان بەچاوی ترەوە سەیر دەکا، جیا لەو چاوانەی کەبێ موبالاتمەست و خامۆش بووینەو وەرزی بیرکردنەوەیان ساردبۆتەوە، بەس چاوە هەوەس گەرمەکەی (موسافیر) هێندە بڵێسەدارو ئەوینانە دەنواڕێ تائەو ئاستەی زۆرێك نهێنی لەهزرو مەعریفەیدا گەلاڵە دەبێ بۆ لایەنی کۆمەڵناسی و مرۆڤ ناسی و دیاردە ناسیەوە، کەسی موسافیر لۆژیکیانەو زانستیانە باکگراوەندی مەعریفی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکات...

-1-

**(سەفەرنامە)**کەی کاك هیوا قادرو خوێندنەوەم بۆ **(سەفەرنامە)**کەی کەڵکەڵەی زۆرێك پرسیارو گومانی لا وروژاندم، بەئەندازەیەك گومان و پرسییارەکانم هەر لەبەرگی کتێبەکەوە تا ناونانی بە**(سەفەرنامە)**و دەسپێك و باکگراوەندو ناوەڕۆك و تەکنیك و هونەری گێڕانەوەکەی کەهیوا قادر جیا لەکارەکانی تری ئەمجارەیان بەنەفەس و ئەتەکێتێکی جیاواز ترەوە ببینم کەجیاوازتر لەبەرهەمەکانی تری پێشوی توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ ریتمی گێڕانەوەدا بکات، گێڕانەوەیەك بوعدی ئیستاتیکای

ئەدەبی و ئەپستمۆلۆژی و هـزری زیـاد لەپێویـست بەخۆیـەوە بگـرێ تائـەو ئاسـتەی یادەوەریـەکانی لەشـێوە پانۆرامایـەکی ئەزموونداران‍ـە بخـەملێنێ و بـێ تـرس و شـەرم داکـۆکی لـەبارە نێگـەتیڤ و پۆزەتیڤیەکەی بکات بەشێوەیەك گومـانی خـۆی لەبەرامبـەر ئـەخلاق و کلتـور و ئایـدۆلۆژیا لەمانایـەك دابڕێنێ وزیاد لەمانایەك و زیاد لەگومانێکی بۆ وێنا بکات، دەشێ هەر ئەو خاسیەت و بارە دەروونیەی خۆیـشی هاوکاربـێ تالەهونـەری گێڕانەوەکەیـدا چـەمکە ئەپـستراکتیەکان وەك داب و نـەریت و کلتـور بەدیدگایەکی رادیکالانە شرۆڤە بکات و خوێنـەر بـەئاگا بهێنـێ لـەو دێوزمـە مێژوویـەی کە ((لاشعور)) خانە زیندووەکانی ئەوی داگیرکردووە.

لێـرەدا بـۆ ئـەوەی زیـاتر لـەکرۆکی (**سـەفەرنامە**) کـەلك وەرگـرین لەپێـشەکیا دەبـێ بـۆ زیـاتر قووڵبوونەوەمان بەزاراوەی،(( **سەفەرنامە**))و بەرگی کتێبەکەوە دەست پێبکەین کە بەلای منەوە مانای کتێب لەوالاکردنی نهێنی وێنەو رەنگ و نووسراوەکانی سەر بەرگی کتێبەکەدا وادەکا سیحری زۆرێك لەماناکانی تری ناوکتێبەکە بەتاڵبکەیتەوە، یان لەبەشێکی زۆری پێچاوپێچی هونەری گێڕانەوەو گەمە زمانیەکان حاڵی بێ.

وێنـەی دوو پیـاو لـەدوو شـوێنکاتی جیـاوازدا نـاتوانین بڵـێین بەڵگـەیە لەسـەر سـەفەر کردنیـان کەلەهەر دوو رووی بەرگی دەرەوەی کتێبەکەوە دیارە، تالەتەك هەر دووکەسی دەست نیشانکراو ئەو ئالییەتانە بەدی نەکرێ کەگەوای ئەوە بدەن بەدەستەوە ئیدی ئەو کەسە لەگەمـەی سـەفەر کردندایە! دیارە واباوە گەر کەسێك خەریکی ئەتەکێتی ((**سەفەر**)) کردنبێ هەڵبەتە سەرەتا وەك عورفی باو دەبێ بەرگ و پۆشاکی پاکژبێ و جانتایەك و.. هتد پێیەوەی دیاربێ، ئەو کاتە بێ دوو دڵی دەتواندرێ بەو مرۆڤە بگوترێ، کەسێکی موسافیرە بۆیە گوتراوە مانایی ((سەفەر)) کردن لەبوونی جانتاکەوەیە، دیارە بوونی جانتاکەی دەستی هەردوو پیاوەکەش هێمایە بۆ کەسێکی موسافیر، بەس سەفەرێك رێگا شـوومەکانی بەپێـچەوانەی سـەفەرکردنی کەسـێکە لـەخاڵی یەکـەمی هەنگاوکانیـدا کەدەسـت پێـدەکا! چـونکە ئـەو ((سـەفەرە))ی کەکەسـی بـەرگی یەکـەمی ((**سـەفەرنامە**)) بـۆی دەکـا رێـك بـەرەو نـاوەوەی خوێنـــەرە! بـــەو مانایـــەی کـــاکی موســـافیر دەیـــەوێ میکـــانیزمی ســـەفەرکردنی ســـەرەتا بـــەناوەوەی خوێنـەرەوە دەست پێبکات و ئینجا لەسەرە رێگاکەیدا بەناو رەهەندەکانی تری گێتـی و یەکەیەکەی کایەو رایەڵەکانی تری کۆمەڵگادا بڕوات، ئەو سەفەرەش لەتاریکی شەودایە ئەوشەوەی کەبارگاوین بەو مێژووە تاریکانەی کەلە ناویدا شوناس و کلتورت گومبووە، لەتاریکیدا رەونەقی چاوت دەبێتە ناسنامەت و بەچاوە ئەبلەقەکەتەوە دەناسرێتەوە ((بەلام چاو چ سوودێك دەبەخشێ بۆ کەسێك گەر دڵنیا نەبێ ئایا جەستەو گیانی وەبەرماوە یان نا؟!)).

گـەر سـەیری بـەرگی یەکـەمی ((**سـەفەرنامە**)) بکـەیت دەبینـی پیـاوێکی جانتابەدەسـتی جەسـتە ماندوو لەشـەوێکی تاریك و ئەنگوستەچاودا بەرەو رووت دێت دەڵێی ـی لەپاشماوەی سیناریۆیەکی ئەوشانۆنامانە دەگەڕێتەوە کەبێجگە لەچاوەنوارێەکی گۆدۆیانە هیچ مانایەکی تر نابەخشێ. وێنەی بەرگی دووی ((**سەفەرنامە**)) کەسە موسافیرەکە پێچەوانەی کەسی بەرگی یەکەم هەنگاو دەنێ و پشتی لەخوێنـەرەو هـەنگاوەکانی بـەرەو ئاسـۆن (( ((هـەر دەڵێـی ـی لـەتاریکی شـەودا سـەفەری کـردووەو لەرووناکی رۆژدا دەحەسێتەوە!)). بەلای منەوە دەبوا هیوا قادر هۆشیارانەکاری لەسەر وێنەی سەر

بەرگی کتێبەکە کردبایە، بەمانایەکی تر ((سەفەر)) بەهەموو رەهەندە فسیۆلۆژیو سۆسیۆلۆژیو سایکلۆژیەکەیەوە هەنگاو هەڵێنانە لەشوێنکا تێکی دیاری کراو بەمەبەستی دەرچوون لەژێر باڵی شوێنکاتێکی جێگیرەوە بۆ شوێنکاتێکی ناجێگیر، بەو مانایەی کەسی موسافیر کاتێك شەرعییەتی ئەوەی پێدەدرێ کە لەسەفەرەکەیدا گەشت لەشوێنکاتی جیاوازتر لەشوێنکاتی زێدیو خۆیی و شوێنی جێگیریەتی بکات ئینجا بەمانا زانستیو لۆژیکیەکەیەوە ئەوکەسە بە(موسافیر)) دەدرێتە قەڵەم.

سکێچی سەفەر کردنیش بەردەوام لەرووە نزیکەکەوە هەنگاو دەنێ نەك لەرووە دوورەکەوە تێکستی سەفەرەکە داڕێژێ، گەر جوان سەرنج بدەیت دەبینی پیاوی بەرگی یەکەم وەك ئەوە وایە لەدووری دوورەوە بەرێگاوە بێ وهێواش هێواشیش خەریکە بەرەو ناوەوەی کەسی خوێنەر بێ. بەهەر شێوازێك بێ هاتنو هەنگاوەکانی ئەوکەسە کەبەرەو رووما ن دێت ئەو راستیە نادەن بەدەستەوە کەنیازی سەفەری هەبووبێ چونکە مەودای شوێنکاتی موسافیر پەیوەستە بەدووری کەسی ماڵئاواکەر لەخەڵكو شوێنکاتی جێهێشتراوی، ئەوکاتە کەسی ((سەفەر)کەر پشتی دەکەوێتە شوێنی جێگیریو خەڵکیش بەچاوی دوور کەوتنەوەو غوربەتەوە هەنگاوەکانی دەخوێننەوە کەواتە ئێمە ناتوانین بەپیاوی سەربەرگی یەکەمی کتێبی ((**سەفەرنامە**) بڵێین ئەوکەسە بەنیازە (سەفەر) بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە سیماو هەنگاوەکانی ئەوکەسە کەرووبەڕوومانەدێ رێك واپێدەچێ لەسەفەرێك گەڕابێتەوە، نەك سەفەربکات!! بەس وێنەی بەرگی دووەمی ((**سەفەرنامە**)) بەئاشکرا ئەوە دەردەخا کەئەو کەسە بەرەو تەراوگە هەنگاو دەنێ، وەك ئەوەوایە لەشەودا سەفەری بەرەو ئاسۆوە کردبێ، کەسی موسافیری بەرگی دووەمی (**سەفەرنامە**) رووەو تەراوگەو شوێنکاتی نادیار بەڕێوەیە! هەر ئەو ناڕونیەی هەر دووێنەکەیە وایکردووە ئەزموونی هیوا قادر پۆلێن بکەین بەسەر دوو چاوگەی ((سەفەر))کردندا دەروازەی سەفەری یەکەمی هیوا لە کوردستانەوە بۆ تەراوگەبووە، دەروازەی دووەمیشی کە کردوویەتیە دەسپێکی ((**سەفەرنامە**))کەی لەتەراوگە بووە بۆ کوردستان هەر ئەوجیاوازیەشە وامانلێدەکا لەهەردوو وێنەی ((**سەفەرنامە**)) بکۆڵینەوەو راڤەی قوڵتری بۆ بکەین...

دیارە زەمەنی ئەزموونی سەفەرەکردنی هیوا قادر بۆ تەراوگە زیاترە لەو زەمەنو سەفەرەی کەبۆ نیشتمان کردوویەتیەوە،دەبوا هیوا دەسپێکی سەفەرەکەی لەکوردستانەوە دەستپێبکات تاراستگۆیانە ترو (شمولی) تر سەرگوزەشتەی سەفەرەکەی لەئەلفەوە تایای بهۆنیبایەوە، هەر ئەوکارەشی هاوکار بوو بۆ زیاتر سەرکەوتنی بەوەی ئەو تەمەنەی لەتەراوگە بەسەری بردووە کە لایەنێکی کاریگەری ئاستی مەعریفی هیوا پێك دەهێنێ وەك خۆی دەڵێ: }"ئەو رۆژەم بیر دەکەوێتەوە کەپێش هەشت ساڵ لەمەوبەر لەتووڕەبوونو قینداوتم! تەواو ئاوڕت بۆ نادەمەوە ئەی نیشتمان" پێمان وابوو ئەمبەری رووبارەکەش سەرەتای بەهەشتو دۆزینەوەی ئەردێکی ترە بۆ نەجاتبوون، بۆ ئارامیو دەستپێکردنەوەیەکی نوێو نزیك بوونەوە لەخەونە پڕ لەفانتازیاکانی ئازادی، عەشق، نووسین، رۆشنبیری{ (ل28– سەفەرنامە).

دەبوا هیوا قادر گشتگیرتر بەناو ئەزموونی سەفەرکردنەکەیدا هەنگاوی نابا تا بەیەکەیەکە شوێنگەو لایەنەشاراوەکانی ژیانی تەراوگەشی تێدا باسدەکرت، پێشم وایە گەر ئەوکارەی بکردبایە

دەبوو بەیەکەم کەسێك لەو دەرگایەبداو دڵنیاشبووم زۆر راستگۆیانەش مێژووی ئەزمونی خۆی تۆماردەکردوو لایەنە پڕ مەینەتو شاراوەکەی تەراوگەشی وەك سەردەمی منداڵی و گەنجێتی بەویژدانەوە باسدەکرد... ئەوکاتە ((**سەفەرنامە**))ش زیاد لەزەمەنێك و زیاد لەشوێنێکی بەخۆیەوە دەگرت....

-2-

}**من بۆ خۆم هیچ کچێکم بەوێنە راستەقینەی خۆی خۆشنەویستووە**{ (ل57– سەفەرنامە).

دەتوانین لەو دێرەدا ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی هیوا قادر شیبکەینەوە سەبارەت بەتێڕوانینی بەرامبەر بەکچ و سێکس و جنسی ژن بەگشتی، لێرەوە دەبێ زەمەنی یادەوەریەکانی ناو ((**سەفەرنامە**)) لەبەرچاو بگرین کەهیواقادر لەزەمەنێکی کەپت کراوو کۆنترۆڵ کراو بەسیستەمی باوکسالاری و کۆمەڵایەتیەوە تووشی سڕ بوونی حاڵەتی رۆمانسیانەو هەستەسێکسیانەوسروشتیەکانی زاتی خۆی بووە، گەر زۆر بەئینسافانەش لەو بارەیەوە قسەش بکەین هەڵبەتە ئەو زەمەن و زەمینە ترساوی و شەرماوەیەی هیوای لەسەرپەروەردەکراوە بێگومان چەندانی وەکو من و هیوا قادریشی لەسەر گۆشکراوە، بەڵام بوێری بەدەست نووسکردن و قسە لەسەرکردنی بەشێك لەراستگۆی و پاکیەتی ئەو مرۆڤە دەدا دەدستەوەکەلەیادەوەریەکانیدا هەبووینەو ئێستاش دەیانخاتە خانەی ئەزمووندارییەوە.

بەڵکو هەر ئەو یادەوەریانەشە بۆتە هۆی سەرهەڵدانەوەی لەناخ و هۆشی هیوا دا،بەڵام ئەمجارەیان بەشێوازێکی جیاوازتر لەدیاردەو حاڵەتەکان دەدوێ، ئەوەی دوێنێ بەجەستەو رۆح و تەمەنەوە لەناوی دەژیا، ئەمڕۆکە لەدەرەوەی هەوسە سێکسی و هەرزەکاراکەیەوە لەدیاردەکە دەدوێت و بەهەیبەت و ئیرادەیەکی رادیاکالانەوە دەم لەو باسە دەداو لەتێك شکاندنیان ترس و دڵەڕاوکێی هەزاران گەنجی کورد هەرەس پێدێنێ...

}**سەرەتاترین ئەزموونی خۆشەویستیم کەئێستاش جێیبرینی خۆی هەرماوە، ئەوشێوەیە گوزارشت! هەموو ئەو جۆرە خۆشەویستانەش رێکەوت دەیهێنانە ئاراوە، ئیدی یابەگیربوونی نیگایەك، بینینی سەر رێگای قوتابخانەو لادانی پەرچەمێك، زەردەیەکی شەرمن و چاو نەوی کردن دەستی پێدەکرد**{ (ل57–58– سەفەر نامە).

ئەم چەند دێرەیناو (**سەفەرنامە**) کەبەهەناوی پاکیزانەترین سەردەمەکانی ئەزموونی هەرزەکاری هیواقادردا تێدەپەڕێ، بێگومان لێرەوە گرفتی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە دروست دەکا، بەومانایەی گەنجی ئێمە لەبەرامبەر ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەوە حەزو ویستەکانیان دەکەونە ژێر پرسیارەوە، یاخووت گوشاری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان دەبنە ئەو دەزگایە سەرکوتکەرەی کەبەردەوام رەنگ و دەنگی ئەو کەسانە دەبڕێ کە لەگەمەی باڵق بوونی سروشتی خۆیاندان تائەو حاڵەتەی شوێنە گشتیەکانیش پڕ دەبێ لەوچاودێرەکۆمەڵایەتیە تائەو ئاستەی گەنج لەبەرامبەر پەیوەندیەکی لەگەڵ یەکترا واتە کوڕان و کچان لەبەر ئەو هەموو چاوە پۆلیسیە ئیرادەو ویستەکانیان دەبوکێتەوەو دەسڵەمێنەوە لەهەر ئەگەرێك کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، قسەلەسەر پەیوەندی ئەو دوورەگەزەو لەوکۆمەڵگایەی کەکایەکۆمەڵایەتیەکانی لەئاستێکی نزمی مەعریفیدانەو تەواوی مرۆڤەکانی ناوکۆمەڵگاش لەناهۆشیاریەکی کلتوری و رۆشنبیریدا بژین، بێگومان سانانییە تۆبێت

دەست لەو وتەرانە بدەیت کەسەرجەم ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا لە بچوکترین دەزگاو دەسەڵات‌و دەزگای یاسا دانان لەگەمەی خوساندنی ئەو کەش‌و هەوایەدابن‌و بەردەوامیش تەقسی دواکەوتوویانە بەرهەم بهێنێت، ئالێرەوە ئیشکالیەتی هۆشیاری سێکسی‌و نەهاتنەبوونی کایەو دەزگای رۆشنبیرانە کەهاوکاربێ بۆ گەشە کردن‌و ڕێگاخۆشکردنی کۆمەڵگایەك کەمرۆڤەکانی ناوی ئازادو سەربەست بن لە مومارەسەکردنی هیواو ئاواتەکانیان، بەومانایەی کۆمەڵگا داخراوەکان سەرباری هەبوونی چەندان قەیران‌و ئیشکالیەتی کۆمەڵایەتی‌و ئەو سیستەمە ئەخلاقیەی کە لەسەری پەروەردە بووینە هێشتا لەبیری ئەوەدان نەك ئێستایان بەو کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتیە ڕەنگرێژکردبێ بەڵکو بەشەرم‌و ترس‌و گوناهەوەش دەنوارنە یادەوەریەکانیان‌و هەتا ئایندەش بەلۆژیکی تاوان‌و لەدەست دانی قییەمی کۆمەڵگاو هەرەس پێهێنانی کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتیەکان دەچووێنن..

بائەوەش بڵێین مێژووی نووسراوی یادەوەریمان بۆ چەمکی پەیوەندیە سێکسیەکانی ڕەگەزی مێ‌و نێر لەکۆمەڵگای ئێمەدا کەجێگای قسەوباس لەسەرکردن‌و وروژاندنی لۆژیکیانە بێ هەڵبەت تەنها لەبوونی دەقە شیعرەکاندا بوونیان هەبووە وەك دەقە شیعرییەکان نالی‌و شاکارنامەی مەم‌و زینی ئەحمەدی خانی (نالی) لەنامەکەیدا بۆ مەستوورە دەیەوێ گەمەیەکی سێکسیانە بکات لەگەڵ مەستوورەدا بەوەی ئەندامە سێکسیەکانی خستۆتە ناو شیعرەکەیەوە!!

بەهەمان شێوە لەشاکار نامەی ((مەم‌و زینی)) ئەحمەدی خانیەوەش کەڵك لەنووسین وەرگیراوە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو حەزو هیوا سێکسانەی کەلەو سەردەمانەدا ئەستەم بووە یەکێك بیویستبایە گوتاری خۆشەویستی لەمەنزومەی خەیاڵەوە بگوازێتەوە واقیع‌و لەواقیعی حاڵدا بەئاشکراوە بێ پەردە پەیوەندیە خۆشەویستیەکان پراکتیزە بکات‌و لەهیچ سانسۆرێکی کۆمەڵایەتیش نەترسێ، بۆیە تەنها گۆشەنیگایەك کەتوانیبێتی ببێتە هەڵگری لۆژیکی قسەلەسەر کردنی ئەو دیاردەیە لەو زەمانەدا کەئەو ئەدیب‌و شاعیرانەی تێدا ژیاوە بێگومان دەق‌و بەنووسین کردنی خەیاڵەکانیان بووە. شاکارنامەی ((مەم‌و زینی)) ئەحمەدی خانی سەرباری ڕەهەندە ئەدەبی‌و مەعریفی‌و مێژوویەکەی هەڵبەتە پەیوەستە بەو حاڵەتە دڵڕاوکێیەی تاکی کورد کە بەهۆیەوە سەرجەم ڕایەڵ‌و کایە ئینسانیەکەی لەژێر کۆنترۆڵێکی کۆمەڵایەتیەوە چەقی بەستبوو گوتاری ترس‌و شەرمیش سیرەی ژیانیانی دەسوڕانت، دیارە بۆ کورد ئەم جۆرە دەقانە ئەوەدەدەن بەدەستەوە کە کوردیش لەمێژووی نووسراویدا ئەگەریش تەنها لەڕێگای شیعرەوەش بێ! بەڵام کەم زۆرێك هەنگاوی بۆ لەقاڵبدانی زەمەنێکی دیاری کراوداوە کەئەمرۆکە بۆئێمە ببێتە چاوگەیەکی مێژووی تابڵێین ئێمەش لەو بارەیەوە دەقە شیعرییەکانمان ئەو دیاردەیەیان پێوە دیارە، لێرەوە حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە مێژووی نووسراوی هەر یەك لەنەتەوەی عەرەبی‌و فارسی‌و تورك کەسێ نەتەوەی گرنگی ناوکلتوری ئیسلامین، دیارە ئەوانە زۆرێك کتێب‌و باس‌و خواسی سێکسیانەیان بەتۆمارکراوی بۆنەتەوەکەیان جێهێشتووە وەك کتێبی (الف ليلة وليلة) کەباشترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەی کەبەردەوام مێژووی نووسراوو بۆتە چاوگەیەکی سیستماتیکی بۆ هێنانە ئاراوەی پرسیارو گومانی ترو لەدایك بوونی کایەو دەزگای کارا تا لەناو کۆمەڵگادا دەقەکان بەواقیع کرێن‌و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانیش بخەینە دەرەوەی ئەو بازنەیەوە کەگوشار دەخاتە سەر تەشەنەنەکردنی کۆمەڵگای کراوەو ئەقڵانی!.

هیوا قادریش کەزیاتر لە 150 ساڵ بەینی هەیە لەگەڵ زەمەنی ((نالی)) یان بەشێوازێکی تر بڵێین هەردوو دەقی ((نالی))و هیواقادر (نامەیەك بۆ مەستوورە)و ((**سەفەرنامە**)) دەکەونە ژێر دووئاستەنگی قسەلەسەر کردنەوە ئیشکالیەتی یەکەم جۆری بیرکردنەوەو دەم دانە لە باسەکە کەباسی گەیشتن و مومارەسە سێکسیەکانە کەهەر دووکیان هاوارە سێکسی و حەزە جنسیەکانیان لەبەنووسراوکردنێك زیاتر هیچی تر نییە ((نالی)) تەنها ڕێگایەك هەبێ بۆ خۆنزیك کردنەوەی لەمەستوورە ئەو زمان و قەڵەمەی بووە کەپێینووسیووە، هیوا قادریش تەنها بەو ڕێکەوتانە چاوی بەکچان دەکەوت، بینینی لەسەر ڕێگای قوتابخانە، لادانی پەرچەمێك، زەردەخەنەیەك... هتد، ئایا هەردوو حاڵەت هەر خۆ خواردنەوە نییە؟! ئایا لەو ڕۆژەدا هەم نالی و هەم هیوا وەك دووعاشقی نەکبەت تەنها لەخەونەکانیان هەستیان بەچێژی سێکسی نەکردووە؟!!.

ئیشکالیەتی دووەمی خەیاڵگەو ئەوشوێنگەلەی (نالی) و(هیوا)ی لەسەر ژیاوە ئەوەبووە ((نالی)) لەدوای مردنی بە ماوەیەکی زۆر ئینجا دەقە شیعرەکانی لەچاپدران واتە تا ((نالی)) لەژیاندا بووە بێگومان هەموو کەس بەو شیعرانەی ((نالی)) نەگەیشتوون، یان کۆمەڵگای کوردی هەر زۆر زۆر بێ ئاگا بووە لەشیعرو ئەدەبیات، تەنها ئەوانەی ناو حوجرەی مزگەتەکان نەبێ دیارە ئەوشیعرانەش بەعەرەبی و فارسی بووینە ((نالی))یش کەئەو جۆرە شیعرانەی نووسیووە هەڵبەت لەکۆڕو کۆبوونەوە تایبەتیەکان نەبێ خۆ هەموو کەسی لێ بەئاگا نەبووە!! بەڵام دوای مردنی بەماوەیەکی زۆر ئینجا دەستنووسی شیعرەکانی لەچاپدرا، واتە ئەو دەق و نووسراوانەی ((نالی)) خۆی وەك بونیادێك لەناو ئەرشیف وناخی خۆیدا هەبووە، بەڵام دوای مردنی ڕووناکی وەردەگرێ و دەبێتە شتێکی جەماوەری، بەس ئەوکات خۆی لەدووری دووری خەڵکەوەیە واتە زمان و دەقەکە لەشوێنکاتی جێگیرکراوی زێدیی دایە بەڵام خۆی لەعەدەمە، بەهەمان شێوەش هیوا کاتێك ((**سەفەرنامە**)) دەنووسێ کەلە دەرەوەی زیدی و شوێنگەی ئەزموونەکەیدایە. ئەوحاڵەتە سایکلۆژیەی کەوادەکا تۆ بەردەوام لەدەرەوەی ئەو پانۆڕامەوە شت بڵێت ڕێك وەك ئەوەی ((نالی)) وایە کە لەپاش مردنیەوە شیعرەکانی بەردەست و چاوی خەڵکان دەکەوێ ،هیوا کەڵك لەتەراوگە وەردەگرێ بۆ داڕشتنی یادەوەریەکانی بەشێوەی کتێب ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوسانسۆرە کلتوری و کۆمەڵایەتیەی کە وەك گرفت و قەیرانێك بەشوناسی کۆمەڵگای کوردیەوە نووساوە، هیوا بۆ ئەوەی قسە بکات دەچێتە دەرەوەی نیشتیمان دەچێتە ئەوشوێنەی ترسی ئەشکێنێ شەرمی ئەشکێنێ هیوا جارێکی تر بەترس شکاویەوە بەشەرم شکاویەوە بەچاوو روحی رەخنەییەوە لەرێگای ((**سەفەرنامە**))وە دەگەڕێتەوە زێدی خۆی و قسە لەسەر شتە قەدەغەکراوەکاندەکات.

**}ئەو سەردەمانە لەگەڵ ئەو چەند هاوڕێیەمدا کە وەك من شەرمن بون، چەند رۆژێك پێش چوونە سینەما دەچووین لەجامخانەی سینەماکاندا سەیری وێنەی ئەو فیلمە (ئیرۆتیك) یانەمان دەکرد کە هەڵدەواسران، لە رووما نەدەهات یەکسەر خۆمان بکەین بەسینەماکاندا{** (ل62–سەفەرنامە).

بەشەخەفەکراوو شەرمنیەکەی ناوناخی تاکی کورد لەبەرامبەر هەر بابەتێکی نوێکردەو داهێنراو بەو مانایەی ئەو ئالەتە سەردەمی‌یەو پێویستە مومارەسە بکرێ ، بووەتە جێگای رامان و شەرم و ترس و گومان لەبەرامبەریدا، دیارە مێژووی هاتن و نیشاندانی فیلم لەسەر شاشەی سینەماوە

لەناوکورددا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چلەکانەوە کەئەو کاتە هێزە فێمینتالیستەکانو تەقلیدیەکانو ڤیودالیەکان کاریگەری گوتارەکانیان خستبووە سەر جۆری بیرکردنەوەی تەواوی کۆمەڵگا لەبەرامبەر هەر کایەیەکی تازەگەرو داهێنراودا چ لەبواری فکرو رۆشنبیریەوە و چ لەبواری هونەریو لایەنی تەکنیکیو تەکنەلۆژیاوە، هاولاتیانی کۆمەڵگاش بێ ئەوەی لەبەرامبەر ئەو تازە گەرەدا قسەیەکی خۆیانیان هەبێ.

راستەوخۆ دەکەونە بەرەی ئەنتیەوەو ترسو خۆ بەقوربانی کردنی لەبەرامبەر دەسەلاتی کلتوریو کۆمەلایەتی سەرلەنوێ دووبارە دەکاتەوە بۆ ئەو سیستەمە کۆنترۆڵەی کە وادەزانێ بوونی ئەو لەنێوچەوانی ئەودایە!! هەموو بڕیارو راسپاردە وەهمیو سروتە ئایدۆلۆژیەکانی دەخاتە سەرچاوانیو بێ دوودلی هەڵدەستێ بەراپەڕاندنی ئەرکەکانی! سینەماش وەك بەشێك لەو باهۆزی زانستیو رێنسانسەی ئەوروپا لەبوارەکانی هونەریو تەکنەلۆژیاوە، ئێمەشی لێبێبەش نەکردوو بەماوەیەکی کەم لەدوای بوونی تەکنیکی هونەری سینەماوەش کۆمەڵگای کوردیش راستەوخۆ ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو کایە هونەریە سەردەمیەدا کرد، دیارە سروشتی هەر تەقەنییاتێکی زانستیو تەکنەلۆژی بۆ کردنەوەی بازاڕی ئازادانەی خۆی سەرەتا کار لەسەر خۆناساندنو ریکلامکردنی لایەنە پۆزەتیڤیەتەکەی خۆیدەکات. دوا بەدوای ئەوە بەهۆی پراکتیزەکردنی کایەکە ئیتر لایەنە نیگەتیڤیەتەکەی بەدەر دەکەوێ.

هەڵبەتە کۆمەڵگای ئێمە لەو هابوارێکدا کە فۆرمێکی نوێیو داهێنراوی هەبێ نەیتوانیووە هیچ رایەڵو کایەیەکی زانستی یان مەعریفی بەتوانستی لۆژیکییانەی خۆی هەزم بکات دیارە بونیادی ئەو بێباکیەی کۆمەڵگای ئێمەش لەبەرامبەر ئەو چەمکانەوە هۆکاری دەرهاویشتەییو ناوەکیەکانی ئەوانەبووە کە بەدرێژایی مێژوویسیاسیو کۆمەلایەتی ئێمە قەت بزاوتێکی مەعریفی یان رۆشنبیری لەناو ئێمەدا لەدایك نەبووە تا لێیەوە بەهای چەمکەکەو لایەنی پۆزتیڤیەکەیو بەشە هیومانیستیەکەی تەوزیف بکەین بۆسەر ژیانی ئاسایی خۆمانو سەرئەنجامیش کۆمەڵگا دەربازکەین لەناهۆشیاری بەهەموو رەهەندەکانیەوە بەکایە فەلسەفیو فکریو مەعریفیەکانەوەش لێرەدا دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین ئایا هەموو ئەو ئالەتو شتەزانستیو تەکنەلۆژیو مەعریفیو هونەریانەی کە ئەتەکێتێکی بازرگانیو بەجهانی بوونیان هەیە، کورد بەوەعیەوە هێناویەتی بۆ ناو کۆمەڵگاکەی خۆی یان بەشێوازێکی لائیرادیەوە هاتۆتە ناو ئێمەوە؟ ئایا هەر بۆخۆی وەك حاجەیەکی سەردەمی خۆی سەپاندووە بەسەر ئێمەوە؟! دیارە ئێمەش سەرپشك نەکراوین لە بەرامبەر رازی بوونو ناڕازی بوونیەوە، بەڵکوو وەك باقی ئەوشتانەی لەدوێنێو ئێستاوەش دێتەوە ناومان بەهەمان شێوە ئێمە لەئاگاییەوە قسەو باسی زانستیانەو ئەقلانیانەو لۆژیکیانەی لەبۆ ناکەین! سینەماش وەك دەسکەوتێکی زانستیو تەکنەلۆژیو هونەری رەهەندە جیاجیاکانی بەکار هێنا بۆ دووبارە رێکخستنەوەی زەوقی هونەری مرۆڤەکان بەفۆرمێکی ئیستاتیکیانەو فانتازیایانەو هونەریانەتر کەجیاوازتربێ لەشاشە بچووکەکەی تەلەفزیۆن، سینەما بینەری خزاندەوە نێو هۆڵی بەکۆمەڵەوە، واتە سینەما بووە کارەکتەرێکی کۆمەلایەتیو هونەری بەشێوەیەك لەبەرامبەر شاشەیەکی گەورەوە سەدان خەڵکی بەیەکەوە کۆدەکردەوە بۆ بینینی فیلمێك، بوونی ئەو شاشەیەو ئەوهۆڵە گەورەیەیی

سینەما لەکەش‌و هەوایەکی وەك ئەوسایی کوردستان کەنەلەڕووی سیاسیەوە باروززووفی جێگیر بوو نەلەلایەنی کۆمەڵایەتی‌و کلتوریەکەشی ئەوها فەراهەم نەبوو بوو ئەو جۆرە هونەرە سەردەرکا لەکۆمەڵگاکەماندا.

بەبڕوای من ئیشکالیەتی بوونی سینەمای راستەقینە لەناو ئێمەدا ئالێرەوە سەری هەڵداوە، چونکە سینەما لەکۆمەڵگای ئێمەدا هێندەی وەك پرۆسەیەکی چێژ لێوەرگرتنی هەرزەکارانە دەبیندرا هێندە نەدەچووە قالبێکی هونەریەوە، بەمانایەکی‌تر دەبوا پرۆسەیەکی هونەری وەك سینەما لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەجیاتی ئەوەی هەر تەنها شتێکی ئاسایی وچێژ بەخش بوایە دەکرا وەك پرۆژەیەکی هونەری لەدۆخی تەنها پێویستیەکی ژیاری بگوازێتەوە بۆ دۆخێکی واقیعی‌و مەعریفی بۆ گەشەکردنی شوناس‌و کلتوری خۆت، بەومانایەی دەکرا رەنگ‌و روویەکی ئینسانانەوەهونەریانەو ئیستاتیکایانە بدەین بەهونەری سینەما، تائاستی شارستانیانەو ژیاریانەی کۆمەڵگای کوردی بەگێتی بناسێنین.

هیوا قادر لە((سەفەر نامە)) باس لەو روانینەی گەنجی کورد دەکا کەلەبەر دەرگای سینەماکانەوە خولیاو حەزە سیکسیەکانیان دادەمرکێننەوە خۆیشی وەك وێنەیەکی ئەو گەنجە کەپتکراوانە دەچوێنێ کەرۆژانە بەدیار سەیرکردنی وێنە ئیغرائیەکانی ناوچامخانەی سینەماکان دەبەنەسەر لەرۆژی دوایش تاکەس پێیان نەزانێ‌و کەس بەئاگا نەبێ لەچوونیان بۆ سینەما خۆیاندەدا بەهۆڵی سینەماکەوەو تاچەند ساتێکی ژیانیان دوور لەو شوێنگە کۆنترۆڵ کراوە بەسیستەمی کۆمەڵایەتی‌و بەناوی پاراستنی ئەخلاقەوە ئیدی ئەو چەند کاتژمێرە لەگەڵ خەیاڵ‌و خەونە ئیرۆسیەکانیدا بەسەر ببات، هیوا دەیەوێ پێمان بڵێ سینەما ئەو ژوانگەلە بوو بۆ ئێمەی گەنج کە دەمانتوانی لێیەوە گوزارشت لەباڵق بوونی جستەو ئەندامە سێکسیانەکەی خۆمانبکەین، لەگەڵ هەر مەشهەدێکی فیلمە کە چرپە چرپی دڵمان زیاد لەهەزار جار لێیدەداو واماندەزانی ئێستا هەموو دنیا گوێی‌و چاوی هەیەو دەمانبینێ‌و ئاگاداری ئەو گوناهەمانە!!

دەتوانین بڵێین بوونی سینەما لەکۆمەڵگای کوردەواریدا زیاتر بەلای نیگەتیڤیەتەوە شکاوەتۆتەوە، بەومانایەی بوونی سینەما وەك لەپێشەوە ئاماژەم پێدا نەیتوانیوە کارلەسەر بەپرۆژەکردنی سینەما بکات وەك دەزگایەکی گەورەی بەرهەم هێنەری هونەری هاوچەرخ، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ سەرجەم کۆمەڵگا هەم لەلایەنی هونەریەکەیەوەهەم لەلایەنی ئیزدیواجیەتی کەسەکانەوە کەبەردەوام گەنجانی راکێشاوە ناوەوەی خۆی بەبێ ئەوەی بەگەنج بڵێیێت پرسیارەکانی من ئەوەن هونەرو ئیستاتیکای جوانی من ئەوەن بۆ ژیان بۆ خۆشەویستی بۆ بوون بۆ مرۆڤ، بەڵکو بەدەر لەوە سینەما بەس زامەکانی گەنجی قوڵترو زامدارتر کردووە لەجیاتی ئەوە وێنەی سینەمایەکی ئینسانانەوە ئیستاتیکایان بەخش بکات بەڵکو فیلمە بازرگانیەکانی هیندی‌و میسری‌و ئەکشن‌و توندوتیژی بەرامبەر بەژیان‌و ئەخلاقی سێکسی بێ بەرنامەو ناهۆشیاریەکی سێکسیانەی بڵاو دەکردەوە کەهەر هەموویان لەپاشماوەیەکی نیگەتیڤیانە بەسەر دەروون‌و دیدگای گەنجان زیاتر هیچی تری لەپاش خۆی جێنەدەهێشت، دەتوانین بڵێین سینەما لەوسەردەمەدا بۆ گەنجان تاکە شوێنگەیەك بووە بۆدامرکاندنەوەی هەوەسەکانیان، بەشێوەیەك کاری کردبووە سەر جۆری ئەخلاق‌و ئەتەکێتی ژیانی ئەوکەسانەی کە لەدەورێك زیاترییان

ئەبینی لەناو کۆمەڵگادا، واتە لەو حاڵەتە کۆمەڵگا دوو وێنەی گەنجی نمایشدەکرد گەنجێك شەرمن‌و ترسنۆك‌و ڕاڕاو تۆقیو، لەبەرامبەر ئەوەشدا گەنجێکی‌تری بزێی‌و چاونەترس‌و یاخی ، بەس سیناریۆی دروست کردنی هەردوو وێنەکە لەئاکامدا نەوەیەکی بێ بەرنامەو پرۆژەت بۆ دروست دەبێ، نەوەیەك بەردەوام لەسەرابا ئەژی نەئەزانی بۆ یاخیبووە نە ئەشیزانی‌بۆ هێندە کاڵفامە..!!!.

-3-

زۆرینەی گەنجەکانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی لەزەمەنی بەعسدا ژیاون ،یادەوریەکانیان هێند تاڵە ناتوانرێ وابە ئاسانی ئیکتیشافی هەموو کایەو ڕایەڵەکانی ناو ئەو زەمەنە بکرێ‌کەسەرتاپایی گوزەرانیان لەو زەمەنەدا ئاشوبوو نەهامەتی بووە زەمەنێك هەموو پرسیارە فەلسەفی و فیکری و ئینسانیەکانی لە دێرێکدا کەدەبوەوە (( قوربانی دان بەماڵ وگیان بۆ ئایدیۆلۆژیای بەعس و مانەوەی سەرکردەی تێکۆشەر)) پەروەردەبوونی گەنج لەوها مەنزومەیەکدا کە ڕەهەندەکانی لەسەر بونیادێکی دەمارگیری ئایدۆلۆژی‌و خێڵەکی‌و دوا کەوتوویی بیناکرابێ بێگومان ئەو کۆمەڵگایە لەکەسانێکی ناموبالات‌و نائینسان‌و نارۆشنبیر چیتر بەرهەم دەهێنێ؟!

زەمەنێك خاڵی لەزەردە خەنە کەئیحای ژیانەوەی تێدا نەبێ!! هەموو ساتەکانی ناو ئەو زەمەنە سەر لەنوێ وێنەیەکی تری پێی تۆماردەکرین، و هەمیشە ڕۆژانی زەمەنی بەعس لەیادەوەریماندا سێکوچکەی (ترس)و (بێباکی)و (مەرگی) بەشێوە سیناریۆیەکی بەردەوام نمایشدەکرد تاکو ئەمڕۆکەش هیچ گەنجێك نادۆزێتەوە گەر بۆ ساتێکیش بێت لەژێر تارمایی ئەورژێمە ژیابێ، ئیتر ئەو کەسە ئاوڕێکی نەعلەت کارانەی بەرەوو ڕووی ئەو زەمەنە نەدابێتەوەو هەڵوەستەیەکی دژەکارانەو رەخنەگرانەی بۆ ئەو زەمەنە نەبووبێ!

زەمەنی ڕاپەڕینیش کەڕاچەنییێك بوو بۆ ئاوەژووکردنی ڕۆژانی ڕەشەکوژی‌و دیکتاتۆریەت بەزەمەنێك ئاپۆرای خەڵك لەمەشهەدێکی وەك ڕاپەڕین ڕەنگی دایەوەو گەنجان تەقینەوە بەرووی ئەو زەمەنەو تەقسی سیناریۆیەکی نوێیان بۆ ژیان هەڵبژارد. ڕاپەڕین بۆ ئێمەی گەنج وروژاندنێکی دیکەی ئەو پرسیارانە بوو کە لەوەو پێش بەنهێنی‌و لەژووری خەوتنان‌و نەستمانەوە لەهۆش‌و مەعریفەماندا گەلاڵە بوو بوو، ئێمەش تا دەهات پرسیارەکانمان زۆر ترو ئاڵۆزتر دەبوویەوە، ڕاپەڕینیش سەرباری ئەوەی هیوا بەخشێکی سایکلۆژی‌و مەعنەوی بوو بۆ ئێمەی گەنج، بەدووبارە گەلاڵە بوونەوەی پرسیارەکانمان بوو بەرامبەر بە چەمکی ژیان‌و دیموکراسیەت‌و ئازادی‌و مەدەنیەت ئەو پرسیارانەی کەتاکو ئێستا بەخەفەکراوی بەجێمان هێشتوون، وەڵامەکانیش ڕەنگی سەرابانەیان لێنیشتووە. ژیان لەزەمەنە تاریکەکان‌و لەژێر سیستەمی دیکتاتۆر مرۆڤ دەخاتە نێو بازنەیەکی لێوانلیو لەترس‌و تۆقاندن کۆمەڵگای ئێمەش کە مێژوویەکی درێژی هەیە لەناوئەو فاکتەرانەی کەدەبنە هۆی سڕکردن‌و کوشتنی ئازادی تاك‌و مانەوەی مرۆڤ لەژێر کەش‌و هەوای نایەکسانیدا،

بۆیە چەمکی ترس وەك بەشێك بەمێژووو کلتورو شوناسی ئێمەی کورد وەنووساوەو لەهەموو بارێکدا کۆمەڵگای خوساندووە، تائێستا لەجەستەیەکی بێ گیان‌و بێ کەڵك هیچی تری جێنەهێشتووە، بەومانایەی ترس وەك کایەیەکی کارا کاریکردۆتە سەر کۆمەڵگاو بەشێوە

سیستەمێکی سیستماتیکی تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی ئێمەی کۆنترۆڵکردووە،بۆیە دەبێ بڵێین ترس ئەو پەتایە درێژ خایەنەیە لەگەڵ هەموو حاڵەتێکی نائاسایی دەروونی دەژێتەوەو بەردەوامیش خودو کەسایەتی ناجێگیر دەکا بەو مانایەی خود گەر بەسەنتەری بوون لەگەردووندا سەیر بکرێ، کەسایەتیش بەشێك بێ لەهارمۆنیەتی ئەو خودە بەبارە فیزیکی و ئەخلاقیەکەیەوە ئەوە ترس ناهێڵێ هیچ یەکێك لەو دوو چەمکانە بەسروشتی خۆیان سەردەربکەن. فۆرمە لەبوونی نەمازجی چەمکی ترس لەمێژووی سیاسی و فەرهەنگی کورددا بەفۆرمە ئاشکراو نهێنیەکەیەوە لەسەر دەروونی کوردو دەرکەوتنی لەواقیعی ژیانیدا کەوایکردووە بوونی خود وەك کایەیەکی سەربەخۆ لەناو کۆمەڵگادا دەرنەکەوێ، لەبەرامبەر ئەوەشدا کۆمەڵگایی خەفە بوو بەرایەڵ و ڕەهەندە نائینسانیەکانی ترسەوە کەسەرچاوەیان لەتۆقاندن و ڕەشەکوژی و بێ ڕێز سەیر کردنی کەسێتی مرۆڤایەتی لەلای بەرامبەرکەیدا دەردەکەوێ لەلایەکی تریشەوە ئەو ترسە ڕەنگدانەوەی لەسەر دەروون و کە سێتیش بەدیار دەکەوێ تا ئەو ئاستەی وەك نەخۆشی شێرپەنجە بەجەستەی تەواوی مرۆڤەکانی ناوکۆمەڵگاوە دەنووسێ.

بێگومان ترس لەجەستەو ناخی تاکی کوردا لەئاستێکدایە کەکاریگەری کردۆتە سەر ڕەهەندە فسیۆلۆژی و سۆسیۆ لۆژیەکانی تری ژیانی کۆمەڵگاکەمان بەشێوەیەکی گشتی گەشەی ڤایرۆسی ترس لەفەرهەنگی سیاسی و کلتوری و شوناسیماندا ڕەگی داکوتاوە بەئەندازەیەك هێزی بیرکردنەوەو پرسیارکردنەو بەگژداچوونەوەی کزکز کردووین، ترس وەك چەمکە زانستی و فەلسەفیەکەی ڕەنگرێژکراوە بەزۆرێك لێکدانەوەی لۆژیکیانە وەك زانستی دەروونشیکاری، زانستی کۆمەڵناسی، زانستی دیاردەناسی، زانستی خودناسی زانستی مرۆڤ ناسی.. هتد کە ئەم چەمك و باسانە لەمێژووی زانستی وفەلسەفی خۆیاندا هەریەکەو بەئەتەکێتێکەوە راڤەو دەستەواژەو خوێندنەوەی بۆ چەمکی ترس کردووە، گرنگی قسەو باسیش لەسەر ڕەهەندە فیزیکی و میتافیزیقیانەی ترس زۆرێك لاپەڕەیی بەبەهامان بۆسەرەو ژێر دەکەن بەتایبەتی لەواقیعی حاڵی ئێستادا کەئێمەی کوردو هەمووکایەو رایەڵە کۆمەڵایەیەتیەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەترس ڕەنگرێژ کراوە، بۆیە لە((**سەفەرنامە**)) کەی هیوا قادریشدا ترسەکان هەمیشە خۆیان دووبارە دەکەنەوە، ئەمجارەیان وێنەی تر دەبەخشنەوە ڕەهەندەکانی ترس، هیوا پێمان دەڵێ واترسەکان بەدوامانەوەن، ڕەنگە ئەمجارەیان ئەوترسە ئایندەش بگرێتەوە، ترسێك مانابۆ برسیارەکان ناهێڵێتەوە مانا بۆ ئەو وەڵامانەش ناهێڵێتەوەکەلەدوای پرسیارکانەوە بەهەناسەی ترس ڕەنگرێژکراون..

-4-

ئەو هارمۆنانەی بوونەتە بەبەشێك لە یادەوەری لای هیوا قادر بەدیوە نهێنی و ئاشکراکەیەوە ماناکانیان هەڵگری چەندان دەروازەن بۆ والا کردنیان بەڕووی دەمامکی زۆرێك مرۆڤ کە لەنێو بەرگێکی تەم و مژاویدا ژیان لەتاریکیدا بەسەر دەبا ،ئەوپێی وایە لەرێگای قسە لەسەرکردنی ئەزموونی ژیانەوە دەتواندرێ ڕەنگ و ڕووی ڕاستەقینەی ئینسانیانانەی خۆت بەدەرخەی، هەر

ئەوەیـە وادەکـا مـرۆ بێنێتـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە بڵێـت (لێگـەڕێ بـاخۆم قسەبکەم، باخـەڵك قسەو گفتارەکانم لەدەمی خۆمەوە ببیستێ، تۆ بەبەرزو نـزمو جوانو ڕێکی جەستەییم پێناسـەم بۆخـەڵکی مەکـە، چـونکە تـۆ نـاتوانی وەکـو خـۆم خـۆم دەناسـم تـۆ ئـەوەها بمناسـیتو بەخـەڵکم بناسـێنێ) (**سـەفەرنامە**) ناوەسـتێ بـەوەی تـەنها دەسـت بـۆ لایەنـە ئاشـکراکەی خـۆی ببـات بـەڵکو لـەدەرگا زۆر نهێنیەکانی خۆیـەوە قسە لەسـەر هـەموو شتە پـەناهانو حاڵەتە ناسروشتیەکەی خۆیدەکات، ئەوەی لە((**سەفەر نامە**))دا دەبیستریێ رەنگە زۆرانێکمـان دوورو نزیك بەشـێك لـەژیانمان بـەو شـێوەیە گوزەری کردبێ هـەر ئەوەشـە سیحری لـە هـەزارەها خوێنـەری دامـەزراو بـەو بـاسو خواسانە کـردووە چـونکە مێـژووی ژیـانی تـەواوی گـەنجانی ئـەو هەرێمـەی ئێمـەی تیـا دەژی سـەرتاپایی رەنگرێـژ کـراوە لـەو هاڕمۆنانــەی کەتــەنها مرۆڤــی خوســاوو کۆمــەڵگای داخــراوی بونیــاد دەنــێ، خوێنــەر لــەکاتی خوێندەنەوەیدا دەبێتە بەبەشێك لەجەستەی ((**سەفەرنامە**) واستدەکا خۆیتی باس لە ژیـانی تایبـەتیو بەشەشـاراوەکەیدەکا، بۆیـە لەگـەڵ وشەبەوشـەی ((**سـەفەرنامە**))رووحو گیـانی ئاوێتـەی حاڵەتـەکان دەبـێو هەسـت بـەتێك شـکاندنی دەروونـی دەکـا، هەمیـشە (**سـەفەرنامە**) پرسـیارە ئەسـتوورەکانی جددیانـەتر دەێنێـتەوە بـەر دیـدگای مرۆڤە ژیاندۆستو مرۆڤدۆستەکان پێیـان دەڵـێ سـەیری عەزابـە دەروونیـەکانی خـۆت بکـە کەهەمیـشە لـەخۆئامادەکردنێکی ناشـریندای بەرامبـەر بـەژیان، تـۆ خـەمی ئازادانــەو داد پەروەرانــەت نــەماوە مخــابن کــەناتونی هەســتە شــاراوەکانت گەڵاڵــە بکــەیتو خەونــە درێژەکانت لەخەیاڵگەی یۆتۆپیایانە دەربهێنیو لەرۆژێکی رووناکدا ناخـە دەروشاوەکەت بێترس بێ شەرم والا بکەیتو پڕ بەدڵو پڕ ەبدەمی خۆت هاوار بکەیت بژی ژیانی ئازادانە.

دیـارە پرسیارەکان هێمایـە بـۆ دۆزینـەوەی خـودی راسـتەقینەی خـۆت ئـەو خـودەی کـەتادوێنێ لەبەرامبەر عیشقێکی سروشتیەوە شەرم نەیدەهێشت ئـەو ترسـە بـێ وێنەیـە بشکێنیو خەمساردانە ئاوڕێکت لەناوەوەی خۆت دەدایەوە وەك ئەوەی بڵـێی کـوا خـۆم کـوا هەستەکانم کوائینسانیەتم کـوا شوناسـم کـوا رووحـم تـۆ بـەزمانی لالـەوە زەمـەنت دەقرتانـدو ((**سـەفەرنامە**) ت بـۆ لـەدایك بـوو، ئـەو ((**سەفەرنامە**)یەی ئازایەتی لەهەمومان زەوتکرد، چاوی هـەموو مـانی داخست لەبەرامبـەر ئـەو شـەرمو ترسـەخەفە بووانــەی کــە زەمەنێکــە بارگــەی لــەناخو هــۆشو ئــەقڵمان دانــاوەو تــۆش لەپــەراوێزی یادەوەریەکانت کیشوەرە ونبوەکانی ژیانمانت بۆ دۆزینەوە.

هیــوا دیــەوێ پێمــان بڵــێ لەگــەڵ هەڵمـژینی سـیگارەکەم ئێـوە لەتـەك دوکـەڵی سـیگارەکەم هەڵدەفرین،هەڵدەفرین بەرەو لوتکەی چێژ بەرەو دووڕیـانێکی شـەفافو هەمیشە سـەوز، بـەرەو کـەنار دریـایی ونەوشـەییو نەوڕەسـەکان هەڵـدەفرین، ئـەو رۆژە هـاوڕێی لەگـەڵ دواهـەمین کـاروانی حـاجی لەقلەقەکان بێ دوودڵی هەنگاوت دەنا هـەموو کۆترە ماڵیـەکانت دابەپێشخۆتداو لەسـەنگەری شـەڕی مرۆڤکوژەکانــدا ئــازادت کــردن،وات دەزانــی بیرۆکــەی ئــازادکردنی باڵنــدەکان گیــانی لێبــوورییو مرۆڤدۆستی فێری ئەو شەڕ کەرانـەدەکات ئـای کەنەفامان دەنـواڕین، نەتـدەزانی ئایـدیایی شـەڕکەرو مرۆڤ کوژەکان تەنها بەیەکتر سڕینەوەو لۆژیکی یـەکتر قڕکردن سـەیری ئاینـدەی ژیانـدەکەن، ژیـان لای ئەوانەلەتێك شکاندنی بەهائینسانیەکان کۆدەبێتەوە،بیردەکەنەوە شـەوڕۆژ بیرلـەوە دەکەنـەوە هونـەرێك دابهێنن تا بەئاسانترین شێوە گیانی هەزارەها مرۆڤ دەربهێنن!!

کۆتری ڕەنگ سپی و ڕەش و زەردو شین و قاوەیی و ... هتد چ بەهایەکی هەیە لە سەنگەرەکانی شەڕدا، هاوڕێی ئەو ڕۆژەم چاك لەیادە بەدیار تەرمی مرۆڤگەلێکی زۆر دنیشبووی بەنیازبووی بانگی ئەو کۆترەماڵیانە بکەیتەوە کەپێش چەند ڕۆژێك هەر لەو گۆڕەپانەدا بەهیوای ئاشتبوونەوەو شەڕ ڕاوەستان و ئاشتیەکی یەکجارەکی فراندبووت ،ئەمڕۆش دەتەوێ بیانگەڕێنیتەوە ناو جەستەی ئەو مردووانە بەڵکو ئەوەخوایە زیندوو دەبنەوەو چیتر لەگەمەی شەڕ خوازەکان بەکوشت نادرێنەوە!!

((**سەفەرنامە**)) ژیانەوەی یادەوەریە حەزین و ڕووداوە زاتی و هی نەتەویەکە، هەمیشە سەفەر بەنێو جەستەو گیانی زەمەنێکدا دەکات کەتەواوی گەلەکەی لەسایەیەوەمات و خامۆش گوزەر دەکات مێژووی هەمیشە چەقبەستوو بەتەواوی ڕایەڵ و فاکتەرە دواکەوتوەکان، هیوا قادر لەهەموو ساتەکانی ناو ((سەفەر نامە)) دا دڵی تەنگەو لێوەکانی سڕو جەستەی لەبەرد ڕەقترە چونکە سەرەتاوکۆتایی مێژووی ئەوو گەلەکەی هەر لەنەهامەتی دابووە بۆیە دەڵێ:

}**خودایە بۆدەبێت کورد بوون ئەم هەموو عەزابەی لەگەڵدا بێت، چەند زەحمەتە خوایە ئینسان لەنێوان ئەم جەنگەڵانەدا کوردبێت**..! {(ل29- سەفەرنامە).

هیوا قادر زۆرێك ئاستەنگ و کێشەکانی گەلەکەی لەدۆخی ئاسایی و ئاشکراکەیەوە دەگوازێتەوە دۆخێکی تری سیاسی و فەرهەنگی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە..هتد هەر ئەوشە وایکردووە سەفەر نامە بەباسەئەخلاقی و کۆمەڵایەتی وسیاسی و فەرهەنگیەکان دەوڵەمەند بێ...

---

*کتێبی ((**سەفەرنامە**))
نووسینی هیوا قادر
چاپی یەکەم 2001 ستۆکهۆڵم
چاپی دووەم 202 سلێمانی – چاپخانەی ڕەنج

**dlzare @ maktoob. Com**